تا ژیان بەردەوام بێ، خەبات بەردەوامە

# خەبات
XEBAT

رۆژنامەیەکی سیاسیی رۆژانەیە
ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستانە

ژمارە (5512) چوارشەممە 16ی ئایار 2018 «16» لاپەڕە «500» دینار

## سبەی یەکەم رۆژی مانگی رەمەزانی پیرۆزە

لیژنەی باڵای بینینی مانگ لە وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینیی هەرێمی کوردستان رۆژی پێنج شەممە 2018/5/17 وەک یەکەم رۆژی مانگی رەمەزان دیاریکرد.

### سەرۆک بارزانی پیرۆزبایی لە یەکێتیی مامۆستایانی کوردستان دەکات

## مامۆستایان لە خەباتی رزگاریخوازیی نەتەوەییدا هاوشانی پێشمەرگە لە سەنگەری بەرگریکردن بوونە

**بەناوی خودای مەزن و دلۆڤان**

**بەڕێزان سکرتێر و ئەندامانی سکرتاریەتی یەکێتیی مامۆستایانی کوردستان**

**سڵاو و رێز**

بەبۆنەی یادی پەنجاو شەش ساڵەی دامەزراندنی یەکێتیی مامۆستایانی کوردستان، پیرۆزباییەکی گەرم ئاراستەی ئێوە و سەرجەم مامۆستایانی خۆشەویستی کوردستان دەکەم و هیوای سەرکەوتنی زیاترتان بۆ دەخوازم.

مامۆستایانی کوردستان لەگەڵ ئەرکی پێگەیاندنی نەوەیەکی هۆشیار بۆ گەلەکەیان، لە خەباتی رزگاریخوازی نەتەوەییدا سەربەرزانە هاوشانی پێشمەرگە لە سەنگەری بەرگریکردن بوونە و دەیان شەهیدیان پێشکەش بە کوردستان کردووە. لە رێگەی یەکێتییەکەتانەوە، سوپاسی هەڵوێست و ئیرادە و دڵسۆزی سەرجەم مامۆستایانی کوردستان دەکەم بەرامبەر بۆ تەحمول کردنی بارودۆخی سەخت و دژوار و بەردەوام بوون لەئەرکی پیرۆزی سەرشانیان. چاوەڕوانین لە مامۆستایانی کوردستان، رۆڵەکانمان بە ئومێدێکی بونیادنەرانەوە و بە پەروەردەیەکی پێشکەوتووانە بە زانست و خۆشەویستی وڵاتەوە پەروەردە بکەن.

**هەر شاد و سەرکەوتوو بن**

**مسعود بارزانی**

**2018/5/15**



### بە سەرپەرشتیی سەرۆک بارزانی مەکتەبی سیاسیی پارتی کۆبۆوە و راگەیەندراوێکی بڵاوکردەوە

# پارتی لەم قۆناغە هەستیارەدا جەخت لە یەکڕیزی و تەبایی لایەنەکان دەکاتەوە

## ویستی ناحەز و دژەکان سەری نەگرت و پارتی وەکو حزبی یەکەمی کوردستان مایەوە

دوێنێ سێشەممە 2018/5/15 بە سەرپەرشتیی سەرۆک بارزانی، مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان کۆبۆوە و دواتر مەکتەبی سیاسیی پارتی راگەیەندراوێکی سەبارەت بە کۆبوونەوەکە بڵاوکردەوە، بەگوێرەی راگەیەندراوەکە هەڵسەنگاندن بۆ پرۆسەی هەڵبژاردن و هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن، ئامادەکارییەکان و چۆنیەتی بەڕێوەبردن و ئەنجامدان و سەرخستنی کراوە، بەگوێرەی راگەیەندراوەکەی مەکتەبی سیاسیی پارتی، جەخت لە یەکڕیزی و تەبایی کراوەتەوە و گرنگیی و هەستیاریی قۆناغەکە بە بیر هەموولایەک دەهێندرێتەوە، هاوکات پارتی بانگهێشتی تەواوی لایەنەکانی سەرکەوتوو دەکات بەرژەوەندیی گەل و نیشتمان بخەنە پێش بەرژەوەندیی کەسی و حزبی و پلە و پۆستەکان لە بەغدا ئامانج نەبن، ئەوەندەی شەراکەت و تەوافوق و تەوازن ئەولەویاتی گفتوگۆی هەرێم و بەغدا بن.

**دەقی راگەیەندراوی مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان:**

بە سەرپەرشتی جەنابی سەرۆک بارزانی، ئەمڕۆ، سێشەممە 2018/5/15 مەکتەبی سیاسی پارتیمان، لە دوای پرۆسەی هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق، بە ئامادەبوونی هەڤالانی کۆبووەوە.

سەرەتا، هەڵسەنگاندن کرا بۆ یەک بە یەکی قۆناغەکانی پرۆسەکە، هەر لە قۆناغی بەر لە هەڵبژاردن، هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن، ئامادەکارییەکان، چۆنیەتی بەڕێوەبردن، ئەنجامدان و سەرخستنی پرۆسەکە کە تیایدا پارتیمان بەشێوەیەکی شارستانی و سەردەمیانە بەڕێوەی برد. هەروەها باس لە قۆناغی دەنگدان و ئەو کێشە و گرفتانەی هاتنەپێش کرا و شرۆڤەی بیروڕا جیاجیاکان کرا لەسەر دەرەنجامەکانی هەڵبژاردنەکە.

بەڕای کۆبوونەوە، قۆناغی خۆئامادەکردن و هەنگاونانەکانی هەڵمەتی هەڵبژاردن لە ئاستێکی باش دابوو، هەر لە بنکەکانی خوارەوەی رێکخستنەکانی پارتیمان تا سەرکردایەتی و رۆڵی تەواوی ئەندام و لایەنگران و کادیران و ئۆرگانەکان بەرز نرخێندرا کە، سەرەڕای پابەند نەبوونی هەندێک کەس و لایەن بەو رێنمایی و پرنسیپانەی کە کۆمیسیۆنی باڵای هەڵبژاردن دیاری کردبوون، بەڵام کادیران و ئۆرگانەکانی پارتیمان، بە هەست بە بەرپرسیارێتی و هەستیاریی بارودۆخ و قۆناغەکە، بەوپەڕی هۆشیارییەوە ئەو قۆناغەیان دەربازکرد. بۆیە، کۆبوونەوە بە قەدرزانینەوە دەڕوانێتە ئەو رەفتارە و ئاکارانەی ئەندام و کادیر و ئۆرگانەکانی پارتیمان.

سەبارەت بە گرفت و کێشەکانی رۆژی دەنگدان، وەک لە کارکەوتن یا درەنگ بەکارخستنی ئامێرەکانی ویستگەکان و نەشارەزایی هەندێک لە فەرمانبەرانی کۆمیسیۆن گفتوگۆی پێویست کرا و دەبوایە کۆمیسیۆن لەوە زیاتر ئامادەسازیی کردبایە و مەشقی بە فەرمانبەرەکانی کردبایە و ئەم بابەتانە و پێڕانەگەیشتنی ژمارەیەک لە هێزەکانی پێشمەرگە بە دەنگدان لە رۆژی دەنگدانی تایبەت، هەروەها جەماوەری دەنگدەریش لە رۆژی 2018/5/12 لە ئاکامی ئەو گرفتە تەکنیکییانەی هاتبوونە پێش، زوو چارەسەر نەکرابوون.

پرۆسەکە ئەنجامدرا، لە قۆناغی جیاکردنەوە و ژماردنی دەنگەکان گومان لەسەر پاک و بێگەردیی دەرەنجامەکان لە لایەن چەندین لایەنی بەشدار لە پرۆسەی هەڵبژاردن راگەیەندرا و، پارتیشمان لە رێگەی وتەبێژی فەرمی رای خۆی بەڕوونی بڵاوکردەوە کە گومانمان لە دەرەنجامە بەراییەکانی پارێزگای سلێمانی دەربڕی کە دەرەنجام وەکو رای دەنگدەری پارتیمان نەبووە و بۆ رەوینەوەی گومانەکان و پاراستنی ئەمن و ئاسایش و سەقامگیری.

**دەقەکەی لە لاپەرە 3 بخوێنەوە**

## بەگوێرەی کۆمیسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان پارتی براوەی یەکەمی هەرێمی کوردستان و دووەمی پارێزگەی نەینەوایە

# پارتی لە هەولێر 316 هەزار و لە سلێمانی 46 هەزار و 567 دەنگی مسۆگەرکردووە



کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان لە عێراق، ئەنجامی فەرمیی چەند پارێزگایەکی عێراقی بە پارێزگاکانی هەرێمی کوردستانیشەوە راگەیاند و بە گوێرەی ئەو ئەنجامانەش، پارتی لە هەولێر و دهۆک براوەی یەکەمە و لە نەینەواش براوەی دووەمە یەکێتییش لە سلێمانی براوەی یەکەمە و گۆڕان دووەم و نەوەی نوێ سێیەمە و ئەنجامەکانی کۆمیسیۆن بەمشێوەیەن، لە پارێزگای هەولێر، 628 هەزار و 234دەنگ، 92%ی ویستگەکان جیا کراونەتەوە: پارتی دیموکراتی کوردستان 316هەزار و 1 دەنگی هێناوە و لە پلەی یەکەمدایە، یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان 77هەزار و 792 دەنگ، نەوەی نوێ 69 هەزار و 123دەنگ، هاوپەیمانی بۆ دیموکراسی و دادپەروەری 49هەزار و 266 دەنگ، بزووتنەوەی گۆڕان 39 هەزار و 809دەنگ، کۆمەڵی ئیسلامی 35 هەزار و 741 دەنگ، یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان 23 هەزار و 933 دەنگی هێناوە.

لە پارێزگای سلێمانی 656 هەزار و 507 لە 91%ی دەنگەکان جیاکراونەتەوە: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان 262 هەزار و128 دەنگ، بزووتنەوەی گۆڕان149 هەزار و 930 دەنگ، نەوەی نوێ 61 هەزار و 638 دەنگ، کۆمەڵی ئیسلامی 49 هەزار و 343 دەنگ،پارتی دیموکراتی کوردستان 46 هەزار و567 دەنگ، هاوپەیمانی دیموکراسی و دادپەروەی 44 هەزار و976 دەنگ، یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان 29 هەزار و161 دەنگی هێناوە. لە پارێزگای نەینەواش 910 هەزار و298 دەنگ، رێژەی لە 91% جیا کراوەتەوە: هاوپەیمانیی نەسر بە سەرۆکایەتیی عەبادی164 هەزار و 714 دەنگ، پارتی دیموکراتی کوردستان 134 هەزار و 782 دەنگ کە بەرێژەیەکی کەم لە پلەی دووەمدایە، هاوپەیمانیی وەتەنییە 97 هەزار و 58 دەنگ، هاوپەیمانیی فەتح 73 هەزار و 253 دەنگ، هاوپەیمانیی قەراری عێراقی65 هەزار و 76 دەنگ، یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان32 هەزار و 178 دەنگ، ئەم ئامارانە لە پارێزگای هەولێر، دەنگی ئاوارەکانی کەمپەکانی هەولێری تێدا نییە.

هەروەها پارێزگای سەلاحەدین، ژمارەی دەنگە راستەکان393 هەزار و 468 رێژەی لە 92%ی دەنگەکان جیا کراونەتەوە: هاوپەیمانیی قەڵای جەماوەری نیشتمانی 76 هەزار دەنگ، هاوپەیمانیی فەتح62 هەزار دەنگ، هاوپەیمانیی وەتەنییە 54 هەزار دەنگ، هاوپەیمانیی نەسر 50 هەزار دەنگ، هاوپەیمانیی قەراری عێراقی 37 هەزار دەنگ، سەلاحەددین هەویەتوونا30 هەزار دەنگ. لە پارێزگای میسان، ژمارەی دەنگە راستەکان 312 هەزار و806 رێژەی لە 98%ی دەنگەکان جیا کراونەتەوە: هاوپەیمانیی سائیروون 133 هەزار دەنگ، هاوپەیمانیی فەتح 65 هەزار دەنگ، رەوتی حیکمەی وەتەنی 40 هەزار دەنگ، هاوپەیمانیی نەسر 36 هەزار دەنگ، هاوپەیمانیی دەوڵەتی یاسا 32 هەزار دەنگ، هاوپەیمانیی وەتەنییە هەزار و 962دەنگ. هاوکات لە پارێزگای نەجەف، ژمارەی دەنگە راستەکان 374 هەزار و 118 و رێژەی لە 98%ی دەنگەکانیش جیا کراونەتەوە: هاوپەیمانیی سائیروون 92 هەزار دەنگ، هاوپەیمانیی فەتح 82 هەزار دەنگ، هاوپەیمانیی نەسر 71 هەزار دەنگ، رەوتی حیکمەی وەتەنی 38 هەزار دەنگ، هاوپەیمانیی دەوڵەتی یاسا36 هەزار دەنگ. ئەم ئامارانە شەوی دووشەممە لەسەر سێشەممە لە لایەن کۆمیسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکانەوە لە کۆنگرەیەکی رۆژنامەوانیدا راگەیەندرا و بە گوێرەی زانیارییەکان لە نزیکترین کاتدا ئەنجامی پارێزگای دهۆک و کەرکووکیش رادەگەیەندرێت.

## ئەنجامێکی گەشبین

**سەلام عەبدوڵڵا**

ئەنجامە بەراییەکانی هەڵبژاردن، بە تێبینییەکانیشییەوە، دڵخۆشکەرن بەو پێیەی جارێکی تر گەلەکەمان سەلماندی کە زۆرینەی دانیشتووانی هەرێم پشتگیری و پشتیوانی ئەو حزبە دەکەن کە هەڵگری ئاڵای سەرفرازی و داهاتوویەکی گەشن بۆ گەلەکەمان کە چەندین دەیەیە لە خەبات و بەرخودانی بێ وچاندایە بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی کە بە هەزاران شەهید و بریندارى لەپێناودا داوە.

ئەم ئەنجامەش بە پێچەوانەی هەموو ئەو بۆچوون و رمڵلێدانە بوون کە نەیارانی سەربەستی و سەرفرازی بانگەشەیان بۆ دەکرد، بەتایبەتی پاش ئەو گەلەکۆمەکییەی کە لە نیشتمانپەروەران کرا و بە بۆچوونی ئەمانەو نەیارانی ئەو رەوتە سەربەرزیخوازە دەبوو شکست بهێنێ و دەنگەکانی لەم هەڵبژاردنەدا زۆر کەم ببێتەوە کە خۆشبەختانە ئەنجامەکەی تەواو پێچەوانەی بۆچوونی ئەوانەوە بوو.

سیاسەتی دروست ئەوەیە کار و کردەوە لە پێناو بەرژەوەندی باڵای گەلدا بێت، بێ گوێدانە بەرژەوەندی تەسکی حزبایەتی، چونکە حزب ئالەتێکە بۆ گەیشتن بە ئامانج، هەربۆیە گەلەکەمان لەو راستییە سادەیە گەیشت کە کام حزب لە هەرێمدا هەڵگری ئاوات و هیوای خەڵکە، بۆیە ئەو دەنگە زۆرەی پێدا و لەبەرامبەریشدا بۆ جیهانی دەرەوە نیشاندرا کە کام حزب دەتوانێت متمانەی زۆرینەی خەڵکی هەرێم بەدەست بهێنێت و ببێتە دەمڕاستی دۆزەکەمان بەرامبەر خودی عێراق و وڵاتانی دەرەوە.

ئێستا کە پارتی دیموکراتی کوردستان بووەتە خاوەنی زۆرینەی دەنگەکانی هەرێمی کوردستان، داوا لە هەموو حزبە بەشداربووەکان و براوەکانی هەرێم دەکات و دان بەو راستییەدا دەنێت ، ئەویش لە سۆنگەی بڕوابوون بە دیموکراتییەوە ، کە تەنها حزبێک هەرچەندە بەهێز و بەدەسەڵاتیش بێت ناتوانێت نوێنەرایەتی هەموو خەڵک بکات، بۆیە داوا لەو حزبانە دەکات بە یەکدەنگی و یەکگرتوویییەوە بچنە بەغدا و بۆ جێبەجێکردنی داخوازییە رەواکانی هەرێم یەکگرتوو بن، چونکە پەرتەوازەیی و تاکڕەوی و پەیوەندی لابەلا هیچ سوودێک بە گەلەکەمان نابەخشێ و ئەم دەرفەتەش لەدەست دەدات.

راستە ئێستا حزبە عێراقییەکان، بەتایبەتی حزبە شیعەکان، ناتەبا دیارن، بەڵام هەرکاتێک کار بگاتە هەڵوێست لەسەر کورد و هەرێم، ئەوا گومانی تێدا نییە پشتی یەکتری دەگرن، وەک لەمەوپێش ئەو هەڵوێستانەمان زۆر بەتوندی بینی کە سەرەڕای ناکۆکییەکانیان، لەسەر بڕیارە نادروست و نادەستوورییەکانیان، بەرانبەر گەلەکەمان چۆن بە یەکگرتوویی دژمان وەستان کە دووبارەبوونەوەی ئەو هەڵوێستەیان زۆر چاوەڕوانکراوە، ئەگەرچی ئێستا پەرتەوازەییان پێوە دیارە، بەڵام نابێت ئەو پەرتەوازە رواڵەتییە ببێتە هاندەر بۆ حزبە کوردییەکان لە بەغدا و ئێمەش یەکگرتوویی خۆمان لەدەست بدەین و بەوپێیەش ئەم هەلە لەدەست بدەین.